

## شایستەترین مـــــاکیاژی چاوەکان

ماکیــاژ، هەنگاوێکــی ســەرەتاییە بۆ دەستنیشانکردنی شــێوەی جوانی، گرنگە بۆ هەر شــوێنێك بێ، بەتایبەت کاتێك ئەو شوێنە پێویســتی بەماکیاژێکی دیاریکراو هەبــێ، ماکیاژ تەنانەت کارێکی قورســە، بەڵام خانمان دەتوانن بەئاســانی فێری ببن و کاری لەســەر بکەن، تاوەکــو لەخۆیانەوە لەماکیاژێکی دەســتی خۆیانەوە جوانییەکی گەورە بەرووخســار یان چاوکانیــان بدەن، ئەگــەر چی ماکیاژی چــاوەکان قورس و گرانە، بەڵام دەکرێ بەڕێگەیەکی سادە فێر بین و کاری لەســەر بکەین، هەنگاوەکانی ماکیــاژی چاوەکان بەچەند قۆناغێکی یەك لــەدوای یەك دەســت پێــدەکات و دەتوانێ سوودێکی گەورەی هەبێ بۆجوانی چاوەکان، سەرەتا بەفڵچە پشت چاوەکان ڕەنگ دەکەین وەك ســەرەتاییەك بۆ دانانــی ئەو ڕەنگەی مەبەســتمانە، زیاتر بۆ پشتەوەی سەرەوەی چاوەکان ڕەنگی قاوەیی و ڕەش و ڕەساسی تێکەڵ بەکاربهێنە، دواتر بەقەڵەمی چاو، لێواری برژانگەکان ڕەش بکە و لەناوەوەی چاوەوە بۆ دەرەوە، پاشان فڵچە بەکاربهێنە بۆ تێکەڵکردنی ڕەنگی پشــت چاو و ڕەنگی لێــواری برژانــگ، دواتــر تێکەڵکردنی ڕەنگەکان و گونجاندیان تا ئەو شــێوەیەی خۆت بەدڵــت دەبێ، دواتــر ماکیاژێکی ڕازاوەت بۆ دەردەچێ، وەك لەهەنگاوەکانی وێنەکاندا کاری لەسەر کراوە.

کراسەکانی کوردی، لەگەڵ ئەو دیمەنە جوان و قەشەنگەی هەیانە، بەڵام پێویستیان بەتازەگەری و کاری جوان هەیە، بەگشــتی شــێوە و ستایلی جلی کوردی دیمەنێکی نەخشینی هەیە، ئەمەش وادەکات کــە جلێکی ســەرنجڕاکێش و جوان بێ و هەروەها خۆشەویســت و داواکــراو بێ لەلایەن خانمانــی کورد، بەشــەکانی جلوبەرگی کوردی زۆرن و هــەر یەکە جوانی خــۆی هەیە، لەوانە: کراس- کەوێ- ئێلەگ – دەسماڵ – سەروبەست و کڵاوێنەی ســەر- نەخــش و پوولەکە و جۆری قوماشــەکەش گرنگی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی زیاتر دەردەکــەوێ و بەکەرەســتەیەکی گرنگ

## جلوبەرگی نووستن و گرنـــــــ

جلوبەرگ بۆ هەر خانمێك بەپێ پێویســتی کات و شــوێنەکەیەتی، کە بۆ هەر یەك لەو دوو لایەنە دەبێ جۆرە جلێکی تایبەتت هەبێ و بزانی چ جۆرە جلێك گونجاوە تا بیپۆشی، تەنانەت جلەکانی ماڵ و دەرەوە جیاوازییەکــی زۆریــان هەیــە، ناکــرێ جلوبەرگی مــاڵ و دەرەوە وەکو یەك بن، بەڵام دەتوانین سوود لەمۆدەکانیــان وەربگرین بۆئــەوەی هــەر یەکە ئــەوەی دیکــە تەواو بــکات، لێرەدا گرنگی جلوبەرگــی ماڵــەوە جێگــەی گرنگــی و جوانیــن لەبــواری جوانــکاری و مۆدەکان، چونکە ئەویش مۆدەیەك بۆخۆی دەنەخشــێنێ و دەبێتــە جوانیەکــی کاریگــەر لەشــێوازی جلــەکان، یەکێــك



## قەشەنگی لەپێڵاوەکانی بووک

خانمانی بووك، لەگشــت بوارێکدا پێویستیان بەئامادەکارییە بۆ ڕۆژی ئاهەنگ، هەر کەرەستە و پێداویســتییەکی خانمی بووك لــەو ڕۆژەدا جێگەی گرنگی و بایەخ پێــدان دەبێ، یەکێك لەو بەشــانانەی کە ســەرەکین و لەگەڵ کراسی بووك گونجانی بۆ دەکرێــت، پێڵاوەکانە کە جوانییەکی بەنرخی هەیە لەناوکەرەستەکانی بووك، بۆیە دەکرێ لەڕێگەی دەستنیشان کردنی جۆر و شێوەو قەبارەو ڕەنگی پێڵاوەکەوە گونجاندنێك دروست بکرێت، بەتایبەت کاتێك جلی بووك لەجلە کورتەکان دەبێ و دیمەنێکــی ڕازاوەش دەردەخــات، پێڵاوەکانی بووك هەردەم جوانترە پاژنــە بەرز بێ، بۆ ئــەوەی لەگەڵ







# ئێلەگ لەکــــــراسی کوردیدا





دادەنرێ، ئەویش ئێلەگە کاتێك لەگەڵ کراســی کوردی دەپۆشرێ.

جوانی ئێلەگ لەشــێوە بچــووك و خنجیلانەکەیەتی، ئەمــەش وادەکات کــە لــەدوور و نزیکــەوە دەربکەون، ئێلەگــەکان زیاتــر لەڕەنگێکی دیکــەی ڕەنگی جلە کوردییەکە دەبن، ئەمەش بۆ زیاتر دەرخستنی ئێلەگەکەیە، جیاوازی لەشــێوەی ئێلەگەکان بەدی دەکرێ کاتێك هەر ئێلەگێك و شــێوەیەکی هەیە، لەوانە بچووك و گەورە، یان بەنەخــش و بەبێ نەخش، کە هەر یەکە لەگەڵ جۆرە جلێك دەپۆشرێ، لەڕێگەی ئێلەگەوە، دەتوانین گەورەترین جوانی بۆ جلی کوردی دابین بکەین، لەکاتێکدا کە زۆربەی مۆدە تازە و کۆنەکانی جلوبەرگی کوردی بەئێلەگەوەیە.

## ڕێگاکان بۆ جوانکـــــردنی دەستەکانت



بەهــۆی کاروباری ماڵ و بوونی بەکارهێنانی دەســتەکانت لەکاری ڕۆژانــە بە ئاو و چەندین کاریگــەری دیکــەی ژینگەیی وەك هەوای ســارد و گــەرم، کە ئەوانە هەموویان دەبنە هۆی ناشیاوکردنی جوانی و نەرمی دەستەکانت، چونکە هەر یەکە لەو کاریگەریانە کار دەکات لەسەر ناسکی پێستی دەســت، تەنانەت پێیستی دەست ئەوەندە ناسکە، بەرگــەی ئەو کاریگەریانە ناگرێ. دەکرێ بەچەندین ڕێگە دەســتەکانت بپارێزی، لەوانە گرنگی دانی زۆر و ئاگاداربوون لەدوورخستنەوەی دەستەکانت لەنەخۆشییەکانی پێســت یان بوونی قەرەشتە کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەیە لەســەر جوانــی دەســتەکانت، هەوڵبدە گیراوە سروشتییەکان بەکاربهێنە وەك: ڕۆنی زەیتوون – فازلین، دواتر دەســتەکان بەئاو بشۆ پاشان ئەنجامەکان دەبینی، لەم دوو ڕێگەیەدا دەتوانین بەسوودترین گیراوە بۆ دەستەکانت ئامادە بکەی:

یەکەم: کەوچێکــی بچووك لەئاوی لیمــۆ، لەگــەڵ کەوچکێك ڕۆنی زەیتــوون، هەروەها کەوچێك لەئاوی شلّتێن تێکەڵی یەکتریان بکە و دواتر بیخەرە ســەر دەستەکانت و لەگەڵ مەســاجکردنێکی نەرم بۆ ماوەی (١٠) خوولــەك و دواتر دەســتت وشــك بکــەوە و دوای ماوەیەك ئەنجامێکــی گــەورە دەبینی، چاکتــرە ئەو ڕێگەیە شــەوانە ئەنجام بدرێ.

دووەم: دوو بــڕی یەکســان لە لیمــۆ و وردکــراوەی پەتاتە بهێنــە و تێکەڵــی یەکتریان بکە تا شێوەیان وەك هەویرێك دەردەچــێ و دواتر لەســەر دەســتەکانت دابنێ و لەگەڵ شــێلان کردنێکــی نــەرم بۆ دەستەکان.

## ـــــگی لەمۆدەکانی جوانکاریدا

لەجوانترین جلەکانی ماڵ، بریتییە لەجلی نووســتن کــە دیمەنێکی جــوان و سەرنجڕاکێشــی هەیە، بەجۆرێك خانمــان لەکاتی پۆشــینی جلوبەرگی نووســتن بەشــێوازێکی دیکە دەردەکەون، لەگەڵ هەر وەرزێکدا گۆڕانکاری بەســەر مۆدە و دیزاینی جلەکان دا دێت و شــێوەی دیکەی لێ دەردەچێ، جلی نووســتن هەردەم دەبێ نەرم و ناســك و کراوە بێ جیــاواز لەگەڵ جلی دەرەوە، بۆئــەوەی پشــوو بە لەش بدات لە کاتی نو و ســتن، لەگەڵ ئەوەش گرنگی بــە لایەنــی جوانکاری بدرێــت لــە بوونــی نەخش لەسەر جلەکە، یان بوونی وێنە و کاریکارتێر.



کراسەکە بگونجێ و لەکاتی ڕۆیشتن و جووڵە کردن ئاســتەنگ دروســت نەکات بۆ خانمی بووك، چونکە هەندێك جــار پێڵاوەکان دەبێتە هۆی تێکدانی جلەکــە، بەتایبەت لەوکاتەی کە جلەکە دەکەوێتەوە سەر پێڵاوەکان.



# چیای سەفین، سەربــــەرزی کوردستانە

لەگەڵ بارینی بەفر و سـپی پۆشینی ناوچە شاخاوییەکان و دەرخستنی دیمەنێکی جوانی ئەو ناوچانە چەندین دیمەنی سـەرنجڕاکێش و جوان کەوتنە بـەر زوومی کامێرای گـوڵان، چیای سـەفین یەکێکە لەبەرزترین و جوانترین چیاکانی کوردستان، کە دەکەوێتە باکووری شاری هەولێر و لەسەر ئاستێکی دەریایی بەرزە، لەگوندی حوجرانەوە ئەو زنجیرە چیایە دەست پێدەکات و بەردەوام دەبێ تاوەکو چیای ئاوەگرد، کەوتنی ئەو زنجیرە چیایە بەپێی شـوێنی جوگرافی کە لەناوەڕاستیدا بەرز دەبێتەوە و لەو سەرەوەش وردە وردە نزم دەبێتەوە و لەم زنجیرە چیایە چەندین سەروچاوە و کانیاوی سارد و سازگاری لێوە دەردەچێ، چیای سـەفین چیایەکی دەوڵەمەند و بەپیتە، تەنانەت چەندین یەکەی گەشـتیاری لێوە دروسـت کراوە بەمەبەسـتی خزمەتکردنی خەڵك لەبواری گەشـتوگوزاردا، لەناو ئەو چیا سەرکەشەدا، سەدەها بەرووبوومی سروشتی دەست دەکەوێ لەوانە: تـرێ و هەنار و گوێز، لەگەڵ بوونی دارسـتان و بـاغ و داروبەری گرنگ لەو شاخەدا.



# قــــەڵای دمــدم

کـورد، بەخاوەنی چەندەها داسـتان و قەڵا کۆنەکان ناسراوە، هەریەکە بەیەکێك لەقۆناغە گرنگەکانـی مێژووی کورد بەگرنگ دادەنـرێ و جێگەی بایەخن، سەبارەت بەقەڵای دمدم، سەرچاوەکانی مێـژوو بەدرێژی باسـی ئـەو ڕووداوە گرنگەی سـاڵی (١٦٠٨)یان کردووە. لـەڕووی گێڕانـەوەی مێژوویـیـەوە بەئاسانی دەتوانین لەسەرچاوە فارسی و کوردییەکاندا بۆ ڕاسـتی و ئەم بوێری و بەکۆمـەڵ شـەهیدبوونەی کوردانی سـەربەرزی قەڵای دمـدم بگەڕێین. قارەمانانی قەڵای دمدم بەسەرکردایەتی (خانی لـەپ زێڕ) تا دوا هەناسـە و دوا دڵۆپی خوێن لەگـەڵ داگیرکەردا شـەڕیان کـرد و بەکۆمـەڵ مردنیان لەسەرشـۆڕکردن بەباشـتر زانی. ئەم تابلۆیە لەئەدەبیاتی کوردیـدا زۆر بـە بەربـڵاوی ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر هەندێ لەداستانەکانی تر لەداسـتانی فۆلکلۆرەوە بۆ داستانی نووسـراو و هەڵبەسـت گۆڕابـن، ئەوا داسـتانی قـەڵای دمدم لـەڕووداوی مێژوویـیـەوە بووە بەداسـتانی فۆلکلۆر و لەداسـتانی فۆلکلۆریشـەوە بـووە بەچیرۆکی سەر شانۆ و ڕۆمانی نوێ. لەسـەرەتای سـەدەی حەڤدەهەمەوە تا ئەمڕۆ ئازایەتـی جەنگاوەرانی قەڵای دمدم لەسـەر زار و زمانی گۆرانیبێژ و بەیت بێژانی دەگێڕدرێتەوە، ئەمەش دەبێتە یەکێك لەگەورەترین مێژوو و سـەروەریی بۆ گەلی کورد.

**ڕەوەند بەختیار**



# نانە قەیسی خۆمانە و کوردیە و بەتامە



نانـی قەیسـی یـان نانـە قەیسـی دروسـتکراوێکی کۆنـی خۆمانـەو هەر لەکۆنەوە کارامانە توانیویانە لەچەندین شێواز و ڕێگەی جیاواز چەندین جۆر و تامی نانە قەیسی ئامادە و سـاز بکەن، نانە قەیسی لەخۆشاو پاش وشـککردنەوەی قەیسی و ئاڵو باڵو دروست دەبێت و دەخرێتە بازاڕەوە، باشترین جۆرەکانیشـی بەتامی جیاوازەوە لە شارۆچکەی شـەقڵاوە دەست دەکەوێت، شـەقڵاوە لە کۆنەوە بەوە بەناوبانگە، هاوین و زسـتان کاتێك خەڵك سەردانی ئەو دەڤەرە دەکات و کاتێك ئەو نانە قەیسـی و تەمەرە ترشـانە دەبینێ دەمی پڕ ئاو دەبێ و ئیتر خۆی پێناگیـرێ و دەیکڕێ و هەندێکی لێدەخوات.

# ئەندام پەرلەمانێک و منداڵەکەی


ئەوانەی پلەو پایەیان بەدەستە لەبواری پلەکانی جیاوازی کارکردن لەشوێنە گشتی و حکومی و تایبەتەکان کاردەکەن بەدەر نین لە خەڵکی ئاسایی لەبەسەر بردنی کاتەکانیان و ئەرکی ماڵ و منداڵەکانیان، لەهەموویان گرنگتریش منداڵەکانە، ئەوەی دەیبینن یەکێکە لەئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا، کە ناوی (لیشا ڕۆنزیلی) بەڕەگەز خەڵکی وڵاتی ئیتاڵیایە و ئێستا نوێنەری وڵاتەکەیەتی لەپەرلەمانی ئەوروپا، دوای ئەوەی ئەو ئافرەتە منداڵێکی دەبێ و زۆر پێوەی پابەندە لەچۆنیەتی ئاگاداربوون لێی، منداڵەکەی لەگەڵ خۆی بۆ گشت شوێنێك دەبات، لەو وێنەیەشدا کە دەیبینن دایك و کچێکی جوان دەردەکەون کە لەهۆڵی پەرلەمان دانیشتوون، منداڵەکەش ناوی ( ڤیکتۆریا )یەو تەمەنی (١٩) مانگ دەبێ، ئەوەی جوانە کاتێك دایکەکە دەنگ لەسەر پرۆژەیەکی پەرلەمان دەدات، هەمان حاڵەتەکە بۆ منداڵەکەش وایە کە دەستی بەرز کردۆتەوە تاوەکو دەنگ بدات.




# سەیرترین تاقیکردنەوەی خوێندن

زۆرجار لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا هەندێك لەقوتابیان دووچاری قۆپیە کردن دەبن بەمەبەستی دەرچوون بەپلەیەکی براوە، یان هەندێکیان خولیای ئەو کارە بوونە، ئەمەش لەوکاتە دێ کاتێك قوتابیان لەیەکترەوە فێر دەبن، ئەوەی سەیرە تاوەکو ئەمڕۆش کە پێشکەوتووترین ئامێری تەکنۆلۆژیا هەیە، کەچی کاری خۆیان هەر ئەنجام دەدەن، وادیارە ئەم وێنەیە لە وڵاتی ئەفگانستان و پاکستانە، کە توانیویانە سەیرترین جۆرە ئامادەکاری بۆ تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن، ئەو جۆرە تاقیکردنەوەش بریتییە لەدانانی قوتابیان لەشوێنێکی چۆڵ و بێ دەنگ، نێوان هەر یەکە لەو قوتابیانە لەگەڵ قوتابی هاوپۆلەکەی نزیکەی (٣) مەتر لەیەکتر دوورن و ئەمەش وادەکات کە قۆپیە کردن و سەیر کردن ئاستەم ببێ و تەنانەت ببێتە مەحاڵ لەو شوێنە چۆڵە بتوانی شتێك بکەی.





# بیرۆکە سەیرەکان

کارە سەیرەکان بەچەندین هەنگاوی جوانەوە جێبەجێ دەکرێن، بەگوێرەی ئەو کارە دەوەستێ کە بیرۆکەی بۆ دانراوە، تەنیا بیرکردنەوەیەك بیرۆکەی ئەوا سەیر لەخۆ دەگرێ، سەیری جیاوازی نێوان ئەو دوو وێنەیە بکەن، لەهەردوو وێنەکاندا ئەو پیاوە خەوتووە یان تەمسیل دەکات لەوەی خەوتبێ، ئەمەش تەنیا بەپارچە لەزگەیەکی بچووك کە شێوەی چاوێکی کراوەی لەسەر نەخشێنراوە ئیتر دەکرێ ئەو پارچەیە بخرێتە سەر چاو و وابکات کە مرۆڤەکە خەوتبێ و شێوەی وا دەربکەوێ کە نەخەوتووە.



# ناوقەدێک تەنیا (٢٠) سەنتیمەترە

ئەو مرۆڤانەی خولیای کارێك دەبن، ئیتر گشت جۆرە ماندووبوون و بەخشینێکی بۆ ئەنجام دەدەن بەمەبەستی گەیشتن بەو ئامانجە، دوای ئەوەی خانمە نمایشکاری وڵاتی ڕۆمانیا (لوانا سپانگینگبیرگ)، ویستی خۆی لاواز بکات تاوەکو لەسەر تەختەکانی نمایشدا بەجوانترین لەش و لارەوە دەربکەوێ، ئەوەبوو تووشی بەدخۆراکی بوو بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەمەش کاری کردە سەر بچووکبوونەوەی ناوقەدی، کە ئێستا بەڕێژەیەکی نزم لەڕێژەی سرووشتیەوە کەمبۆتەوە و تەنانەت ناگات بە(٢٠) سەنتیمەتر، تەمەنی ئەو خانمە (٣٠)ساڵە و ئێستاش خەریکی قەڵەوکردنی جەستەیەتی، کەچی سوود لەخواردن وەرناگرێ.





# تابلۆ و وێنەکان

ئەمە یەکێکە لەجوانترین و بەنرخترین تابلۆکانی گەورە وێنەکێشی ئیسپانی (پابلۆ بیکاسۆ)، کە لەتەمەنی (١٥) ساڵیدا، وێنەی دایکی دەکێشێ بەسەر ئەو تابلۆ جوانەوە، بیکاسۆ لەساڵی ١٨٨١ لەشاری مەلەگەی ئیسپانیا لەدایك بووە، لەمنداڵییەوە حەزی بەکاری وێنەکێشان بوو، کاری یەکەمی ئەو وێنەکێشە گەورە بۆ ساڵی ١٩٠٠ دەگەڕێتەوە ئەمەش کاتێك لەوڵاتی فەڕەنسا دەستی بەکاری وێنەکێشان کرد، لەوێنەکانیشدا گەورەیی و نرخێکی شایستە بەدی دەکرێ، چەندەها وێنە و تابلۆی گەورەی هەیە، یەکێك لەوانە ئەو وێنەیەی دایکیەتی کە بەدەستی خۆی بۆ دایکی کێشاوە، بیکاسۆ، لەساڵی ١٩٧٣ لەشاری مۆجانی فەرەنسی کۆچی دوایی کرد.

## ژیان و فرمێسک



تەنها شادی و خۆشییە هەموو بەیانییەک مرۆڤ لە خەو هەڵدەستێنێ بێجگە لەو دڵە ڕەشبینانەی کە بۆ هەمیشە خەوتوون.

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش





بۆ زانینی ئاستی مێشك لە ماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە.

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




ئەمڕۆ زۆر وریای خۆت بە و تێکەڵ بەکێشەی کەسانی دەوروبەرت مەبە، ئەگەر هەر گرفتێکیشت هاتە سەر ڕێ، ئەوا بەهێمنی و زانایی مامەڵەی لەگەڵدا بکە.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




ئەمڕۆ ئارامبەو هیچ بابەت و مەسەلەیەکی هەستیار لەگەڵ دۆستەکەت مەوروژێنە، ڕەنگە دەست بەچەند چالاکییەکی نوێ بکەیت.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



لەم ماوەیدا گوشارەکان لەسەرت کەم دەبنەوە، یاخود چارەسەری گرفتێك دەکەیت، لەبواری دڵدارییەوە بەکاتێکی هەستیار و ناسك تێپەڕ دەبیت.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



هەست بەناڕەحەتی و دڵەڕاوکێ دەکەیت، ئەمڕۆش زیاتر چاودێری کاروبارەکانت بکە، چونکە هێشتا بارودۆخ ئاسایی نەبۆتەوە.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



فشار و گوشارەکان لەسەرت ماوە، بۆیە پێویستە هێمنی و ئارامی خۆت لەدەست نەدەیت و واقیعیانە لەگەڵ دەوروبەرت هەڵسوکەوت بکەیت.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



ڕەنگە بیر لەسەردانیکردنی چەند کەسێکی نەخۆش یان زیندانی یان بێچارەو تەنیا بکەیتەوە بۆ دڵدانەوەیان و هاوکاریکردنیان.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (بەهار) بوو




بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..



ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٥) کۆ بکەیتەوە بەمانای (سێ جاران سێ بکەیت)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بەمانای (گوڵ بەئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+١) کۆبکەیتەوە بەمانای (ماددەیەکی چەورە، لەگشت خواردنێك دەکرێ)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+٤+٦) کۆ بکەیتەوە بەمانای (پێچەوانەی حەزی پێدەکا)



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

چوست و چالاکی و گەشبینیت پێوە دیارە، لەوانەیە لەگەڵ خۆشەویستەکەت پەیوەندی بکەیت و زیاتر دڵخۆشبیت و گوێبیستی هەواڵی خۆش دەبیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئەمڕۆ پێویستە لەمافەکانت بپێچیتەوە فەرامۆشیان نەکەیت، چونکە کەسانێك بەدوای ئەوەن مافەکانت زەوتبکەن و زیانت پێبگەیەنن.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئارامی و هێمنی خۆت بەدەست دەهێنیتەوەو ئارەزووی شوێنی هێمن و دڵگیر دەکەیت، لەم ساتەدا زۆر لەبیری دۆستەکەتدا دەبیت و ئارەزووی دیداری دەکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


پاش بەسەربردنی بارودۆخێکی ناهەموار و نالەبار ئەمڕۆ بارودۆخ باشتر دەگۆڕێت، بەتایبەتی لەبواری سۆزدارییەوە دڵخۆش دەبیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بیرکردنەوشت فراون دەبێت و ڕەنگە چارەسەرییەکی گونجاو بۆکێشەکەت بدۆزیتەوە، گەشتێکی بەسوود ئەنجامدەدەیت، دەستکەوتی ماددیت لەجاران زیاتر دەبێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئاگاداری خۆت بە، ئەمڕۆ تووڕە و توند دەردەکەویت و هەڵچوون بەسەرتدا زاڵدەبێت و ڕازی نابیت گۆڕانکاری لەهەڵوێستە هەڵەکانت بکەیت.



ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## ئاسۆیی:

١- شاعیرێکی کوردبوو.
٢- ژمارە یەکە- وەکو یەك.
٣- فارس(ت)- یاریزانێکی ئیتالی یە(پ).
٤- گۆرانیبێژێکی کوردە- گەورە.
٥- خواردنی ئاژەڵە — دوو پیتی هیغل.
٦- ساکار(پ)- دوورگەیەکە لە ئەندەنوسیا.
٧- هاوینە هەوارێکی کوردستانە.
٨- تیر- هەوا — نیوەی حازم(پ)- نیوەی بڕین.
٩- سی پیتی دەبە- شاعیرێکی کوردبوو(پ)- سێ پیتی ڕەزا.
١٠- شەڕێکی ئیسلامی بوو (پ)- دوخێکە، شاعیرێکی کورد بوو.
١١- دارێکە (پ) — نیوەی کاری- یارا(ت).
١٢- یاریزانێکی کوردە(پ).

## ستوونی:


١- یاریزانێکی کوردە.
٢- بەشێکە لە لەش- شاعیرێکی کوردبوو.
٣- کارێکی هونەری چاك و دانقە(پ)- پەیامبەرێکە(پ).
٤- شاعیرێکی کوردبوو(پ)- سێ پیتی ئابلوقە.
٥- دەم و چاو- بەشێکە لە لەش .
٦- گۆرانی بێژێکی کۆچ کردووی شاری هەولێر.
٧- شاعیرێکی کوردبوو(پ).
٨- لادێ(پ)- سێ پیتی هاوین.
٩- شاعیرێکی کوردبوو(پ)- دڵخۆش.
١٠- جۆرە پێوەرێکە- پایتەختی وڵاتێکی عەرەبیە(پ).
١١- لۆ(پ)- ناوێکی کچانە.
١٢- یاریزانێکی کوردە(پ)- خاوەن وێنەکە.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی گۆرانیبێژێکی کچە کوردت بۆ دەربچێ.

ن ف ە س ی

وەڵامی ژمارەی پێشوو ( مامز)



## نوکتە

- مامۆستا: ئەوە بۆ وا درەنگ کەوتی؟

قوتابییەکەش دەڵێ:مامۆستا ئاخر دایک و باوکم شەڕیان بوو...

مامۆستا: جا دایک و باوکت شەڕیان بووە تۆ بۆ دوا ئەکەوی!

قوتابی: ئاخر تاکی پێڵاوەکەم یەکێکیان بەدەست دایکمەوە بوو ئەوەی تریش بەدەست باوکمەوە!

## مانای شتەکان لە خەون

**شێت بوون:** لەخەودا سەربەرزی و شکۆمەندی و دەوڵەمەندی و خۆشی و کامەرانییە، ئەگەر یەکێ لەخەودا بەهۆی دەست لێ وەشانەوە تێك چێت ئەوە پارە بەفایز دەداتە خەڵکی، هەروەها شێت بوون مانای چوونە بەهەشتە یان دەسکەوتی پارەیە و زوو خەرج دەکرێت، شێت بوونی منداڵ دەوڵەمەند بوونی باوکیەتی، شێت بوونی ئافرەت ساڵێکی خۆش و بە بەرەکەتە، یان بەمانای تازەبوونەوە و ئاقڵ بوون دەبێ، ئەگەر هەست بکەی شێت بووی لەخەون، لەژیاندا هەست بەخۆشی و شادییەکی زۆر دەکەی.